# له دۆڵی جافانەوە بۆ کۆشکی سپی

**حەمەنامە 23**

**سلێمان عەبدوڵلا یونس**

ئەگەر من بوومایە لەجیاتی نوسەری هێژا کاک حەمە سەعید حەسەن ئەو ڕۆژە داوای لێبوردنم لە خوێنەران دەکرد کە سەرۆک تاڵەبانی بەئەوپەڕی گەرمی و بە موجامەلەیەکی پڕ لەدۆستانەوە لە کۆشکی سپی و لەلایەن خودی سەرۆک بۆشەوە پێشوازی لێکرا و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی هاوبەشیشدا ، ئەو ستایشەی سەرۆک بۆش بۆ سەرۆک تاڵەبانی وەکوو پەیامێک بۆ پشتیوانی ئەمریکا لە تاڵەبانی و خەڵکی کوردستان لێکدرایەوە ، ئەگەر من بوومایە هەر ئەو ڕۆژە سەرکۆنەی ئەو لێکدانەوە سیاسیە نادروستانەی خۆمم دەکرد کەوەکوو مرواری بە خوێنەرانم دەفرۆشتن ، کاتێک ئەو بەڕێزە وەکوو یەکە دەمڕاستی بواری سیاسەت و نەریتی دیپلۆماسی دەیفەرموو * مادام دیداری نێوان تاڵەبانی و خاتوو کۆندالیزا ڕایس بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کۆتایی نەهاتووە ، ئەوە مانای وایە سەرکۆمار جێگای بایەخی ئەمریکیەکان نیە * .

داننان بە هەڵە و کەموکوڕیەکاندا جەسارەتی ڕووناکبیریانە دەخوازێ ، ئەوەی ئەو داننانە بەنەنگی و کەمی لیکبداتەوە و شانازی بکات بەوەی کە لەیەک دێڕی نوسینی خۆی پاشگەز نابێتەوە ، با لە هەر پلە و مقامێکی ڕووناکبیریشدابێت ، ناتوانێت بڵێ لەژێر کاریگەری دیوەخاندا نیم کە لای وایە قسەی پیاوان یەکە .

تاڵەبانی دەچێتە سەر مەزاری نەمران و زەنگی گۆڵێکی زێڕینیش بۆ کوردایەتی لە بارزانەوە لێدەدەدات ، تاڵەبانی لەکۆشکی سپی ، ئەو کۆشکەی ڕۆژانە ڕابەرایەتی سیاسەتی هەموو دنیای لێوە دەکرێت ، بە زمانی شیرینی کوردی بەرسڤی پرسیارێکی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا دەداتەوە ، تاڵەبانی لە شەستەمین کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و بەناوی کۆماری عێراقەوە بەزمانی شیرینی کوردی ئەزموونی سیاسی و دیموکراسی خەڵکی

**کوردستان بەنموونە دەهێنێتەوەو بە زمانێکی دیپلۆماسیانەی سەردەمیش بەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە**

**دەڵێ کە کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی سەلماند و شایستەی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیەتی بەدەستی خۆی ، کەچی ئەو نوسەرە هێژایە جەسارەت ناکا هەر نەبێ لەپاڵ فاوڵەکانی تاڵەبانی * دا گۆڵە زێڕینیەکانیشی تۆمار بکات !**

**تاڵەبانی ئەو سەرۆکەی لە دۆڵی جافان و ناوچەی مەرگەو خۆشناوەتی و خڕی ناوزەنگ و زەڵێ و چیاسەرکەشەکانی کوردستانەوە و لەسەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی شۆڕشی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەوە دەستی پێکرد و بەئەو پەڕی متمانەی دیپلۆماسیانەی خۆیەوە بەتەک سەرۆکی گەورەترین زلهێزی دنیاوە بەسەر فەڕشە سورەکانی کۆشکی سپیەوە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ناو کۆشکی سپیش بەو هەموو ستایشەی سەرۆک بوشەوە خۆی بینیەوە ، ئەو ڕاستیەی سەلماند کەخاوەنی تیۆرێکی سیاسی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی بواری سیاسی و دیپلۆماسیەتە ، ئەگەر بۆسەرۆک بوش شەرەفێکی گەورەبێ کە لە کۆشکی سپی بەتەنیشت سەرۆک تاڵەبانی‌یەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا وەستاوە ، دەبێ بۆ ئێمەی کورد تاڵەبانی چ بگەیەنێ کە لە دۆڵی جافانەوە بۆ کۆشکی سپی ڕێبەرایەتی کردین .**

slemanyunes@yahoo.co.uk